# دەسەڵاتی ئێکسپایەر.. کۆمەڵگەی ئێکسپایەر



## ئاسۆ جەبار

### دەسەڵاتی ئێکسپایەر

کۆمەڵگەی ئێکسپایەر خاوەنی دەسەڵاتو پەرلەمانو حکومەتوحیزبی ئێکسپایەرە، دواجار ئەم مۆدێلە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کۆلێکتە لەدنیای کلاسیکو دنیای مۆدێرن، واتە پانتاییەکی گەورەی یادەوەریو مێژوو، حیکایەتو موقەدەساتە، هاوکات بەکاربەرێکی بێمەعریفەو دواکەوتووی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنە لە(تەلەفیزیۆنەوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار، لە کەناڵی ئاسمانییەوە بۆ سایتی ئینتەرنێت، لەدەزگای رۆشنبیرییەوە بۆ کۆمپانیای ئابوریو سیاسیو فەرهەنگی، لەوتاری سیاسییەوە بۆ بەڵێنی وەهمی، لەکاریزمای بەتاڵەوە بۆ حیکایەتی کوشندە، لەبانگەشەو هوتافکێشانەوە بۆ تاڵانکردنی ژیانو رووتکردنەوەی مرۆڤ لەهەر چالاکیو ئومێدێك، لەبەرپاکردنی تەمەڵخانەیەکی گەورەوە بۆ گرتێبەردانی ناعەدالەتی، لەئاسایکردنەوەی گەندەڵییەوە بۆ ئیفلیجکردنی هەر گۆڕانکارییەك).

دەسەڵاتی ئێکسپایەر سەرباری ئەوەی دەسەڵاتێکی کۆنو سواو و بێئاگاو بێ لۆژیکە، دەسەڵاتێکە خوازیارە ببێتە کاریزماو هێزێکی رەهاو کۆنکرێتی. دەسەڵاتێکە بێئەندازە رقی لەرەخنەو رۆژنامەنوسانو نوسەرو رۆشنبیرە سەربەخۆکانە، بەڵام تا قیامەت شەیدای بێدەنگیو رۆژنامەنوسی زەلیلو بێقسەو نوسەرو شاعیری دەربارو بەرماوەخۆرە. شەیدای تەلەفیزیۆنی پڕ لەستایشو رادیۆی پڕ لەگۆرانیو رۆژنامەی پڕ لەوێنەی سەرکردەو بەرپرسەکانی. دەسەڵاتی ئێکسپایەر حساب بۆ رایشگتنیو ئازادی بیروراو راپۆرتی نێودەوڵەتی لەسەر رەوشی مافی مرۆڤو حساب بۆ سەروەری یاساو سەربەخۆیی دادگاکان ناکات. هاوکات بێئەندازە دەبێتە بەرهەڵستکارێکی راستەقینەی خۆپیشاندانو سەرلەبەری چالاکییە شارستانیو رۆشنبیرییە سەربەخۆکان، کوشندەیەکی راستەقینەی گۆڕانو داهێنانو پەیوەندیی شارستانیو رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانە. هاوکات باوەڕی بە هەڵبژاردنو نارەزاییو فشاری هاوڵاتیان نیە. دەسەڵاتی ئێکسپایەر شەڕی گەورە لەسەر مانەوە دەکاتو وتاری ئەم مۆدێلە لەدەسەڵات هێندەی وتارێکە بۆمانەوە تاقیامەتو هێشتنەوەی هێزو جەبەروتی خۆی تا رۆژی حەشر، پێکرا خاوەنی وتارێکی سیاسی یان ئابوری یان جیهانی سەربەخۆ نیە، نە خاوەنی هزرێکە بۆ گەشپێدانو وەرچەرخانی ئابوریو سیاسیو فەرهەنگیو سیاسی، بەڵام خاوەنی عەقڵیەتێکی کۆنزێرڤاتیڤو سەلەفییە بۆ هێشتنەوەی حیکایەتو موقەدەساتە حیزبییەکانو بەرگریکردن لەیادەوەریو رابردووەکان.

ئەم مۆدێلە لەدەسەڵات میراتێکی گەورەوگرانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارو ستەمکارو فاشیو سەرکوتکارەکانی بۆ بەجێماوە، لەبەرئەوە بێئەندازە خوازیاری داگیرکردنی سەرلەبەری پانتاییە کۆمەڵایەتیو شارستانیەکانە، پێکرا خۆی دەکات بەخاوەنی زانکۆو پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندنو سوپایەکی حیزبیی بێدەنگو بێئیرادە دروستدەکاتو لێشاوێك مامۆستا دەکەن بە ئەندامە زەلیلەکانی حیزبو لێشاوێك قوتابیو

خوێنـدكار دەكـەن بـە سـوپایەكی گـەورە بـۆ پارێزگاریكردن لەبێـدەنگیو بێئیرادەیـیو خولقانـدنی رووبـەرێكی گـەورەی موچـەخۆریو نەسـرییە خـۆریو مەكرەمـەخۆری. ئـا لـەم فـەزا نـاكۆكو بەتاڵـەدا مزگـەوتو مـەلاو خوتبەبێژو قورئانخوێنەكانیش دەبنە مـوڵكی حیـزبو دەسـەڵاتە ئێكسپایەرەكان، دواجار دەبنـە كوشـندەیەكی گـەورەی گەشـەپێدانو گۆڕانكـاریو پەیوەنـدیی رۆشـنبیریو فەرهـەنگیو شارسـتانی، لەكاتێكـدا داگیركـردنو مۆنۆپۆلكردنی دەزگا رۆشنبیرییو فەرهەنگیو تادەگاتە راگەیاندنو سەرلەبەری دەزگاكانی چاپەمەنی بێجگەلـە سازكردنی سەرزەمینێكی كۆنترۆلكراوی زەمانحاڵی دەسەڵاتو بەرهـەمهێنانی لێشاوێك كارئەكتـەری رۆشـنحیزبو رۆشـنگەندەڵو خۆشـباوەڕو خـەیاڵپڵاوی سیاسـیو مـشەخۆری ئـابوریو دۆلارخـۆرو گەنـدەڵخۆری پـرۆژەو حیكایـەتخوانی كوشـندە. پێكـڕا هـەموو ئەمانـە بـە پێـوری شارسـتانیو مرۆیـیو یاسـاییو فەرهەنگییـەكان خولقێنەری دەسەڵاتێكی ئێكسپایەرن، واتـە بـەپێی سـتانداردی زانـستی سیاسـیو ململانێـی شارسـتانی هێزەكـان دەسەڵاتگەلێكی ستۆكو بێبەرهەمن، گەندەڵیو ناعەدالەتیو دەرەبەگخوازیو عەنتەریاتی حیزبـی دوابەرهـەمو دوا هەناسەی ئەم مۆدێلە كوشندەیەیە لەدەسەڵات.

## چۆن دەسەڵات ئێكسپایەر دەبێت

چـۆن خـواردنو خواردنـەوە ئێكـسپایەر دەبێـت، دەسـەڵاتو حكومـەتو پەرلـەمانیش ئێكـسپایەر دەبـن، پەرلەمانتارو وەزیری ئێكسپایەریش بەرهەمدەهێنن، ئەو دەسەڵاتو حیزبانەی بوونەتە دەرەبەگێكی كۆنپـارێز بۆ پاوانكردنو داگیركردنی سەرلەبەری دامەزراوە فەرهەنگیو ئابوریو بازرگانیو شارستانییەكانو هێزگـەلێكی كوشندەشن بۆ كوشتنی ئازادیو مافو جیاوازییەكانو هەمەڕەنگییە رۆشنبیریو فەرهەنگییەكان، هاوكات چەند دەسەڵاتگەلێكی بەهێزنو بۆ داگیركردنی رووبەرەكانی ژیان هێندەش دەسەڵاتێكی كۆنخوازو ئێكسپایەرو وێرانن لەرووی ئەكادیمیو مەعریفیو ژیاندۆستییەوە.

ئەم دەسەڵاتە لەتوانایدایە ساتەوەختەكانی ئێستای كۆمەڵگەو ژیان پڕبكات لەبـەهاكانی رابـردوو لەمـەرگو كارەساتەكانی ناومێـژوو، بـۆ هێشتنەوەی خـۆی لەسـەر كورسـی دەسـەڵات خوازیـارە سـەرلەبەری رۆژژمێرەكـان پڕبكات لەشەهیدو ترسو كارەساتو وێرانەییەكان، لەكاتێكدا شـەهید لـەلای دەسـەڵاتی ئێكسپایەر كارتێكـە بـۆ بردنەوەی هەڵبژاردنو دەستەمۆكردنی ئێستاو یادەوەرییەكانی كۆمەڵگە، تەنها لافیتەیەكی رەشە بۆ هەڵواسینی بە ئێستادا، یادێكە بۆ رازاندنەوەی سفرەی بەختەوەریو پڕكردنەوەی عیشوەی مانەوە، كە دەبنە سـەروەری بـۆ بەرزكردنەوەی ئاستی بەختەوەریو چێژی دەسـتخەڕۆكردنو داگیركردنـی رووبـەرەكانی مانـەوەو ماكیـاژكردنی ناعەدالەتیو جوانكردنی گەندەڵیو رازادەوەی عەنتەریاتخانەكانی حیزبو حەشاردانی كەموكوڕیو كەلاوەكانی.

دەسەڵاتی ئێكسپایەر دەسەڵاتێكی حیزبسالارو دیكتاتۆرە، بەو واتایـەی دەسـەڵاتی دیكتـاتۆری ئـەو دەسـەڵاتە هەژمونگەرو داگیركارەیە كە سـەرلەبەری سەرچاوەكانی ژیـانو ئـابوریو سیاسـەتو ژیـانی شارسـتانیو تـەواوی كۆمەڵگەو فەرهـەنگو دەزگـا شارسـتانیو رۆشـنبیریو ئابورییـەكان داگیـرو كـۆنترۆڵ دەكاتو خـۆ ی دەكات بـە خاوەنی یەكەمی هەموو ئەم بوارانە.

هاوكات كـار لەسـەر كـۆنكرێتكردنو سـواغدانی ئـەو ناوەندانـە دەكات بـە روانـینو دنیابینییـە داخراوەكـەی خۆیـەوە، ئـەو دەسـەڵاتەی بـەم شـێوازە بیردەكاتـەوە سـەرباری ئـەوەی دەسـەڵاتێكی نـامۆدێرنو ناشارسـتانییە، دەسەڵاتێكی وێرانكارو كاولكاریشە بۆ بچوككردنەوەی كۆمەڵگەو ئەو ئاستە ژیارییەی كـە فەرهـەنگو دنیـابینی

کۆمەڵگەی پیادا تێدەپەڕێت، ئەو دەسەڵاتە سەرباری ئەوەی دەسەڵاتێکی نەرجیسیو خۆپەرستە، دەسەڵاتێکیشە خوازیاری سەپاندنی تاکەیەك روانینو بیرکردنەوەی حیزبیانە یان ئایدۆلۆژیانەیە.

ئەو دەسەڵاتانەی روانینو دنیابینییەکی روونو دیاریکراویان نیە، ئەو دەسەڵاتانەی کە خاوەنی بەرنامەو پلانی زانستیو ئەکادیمی نیین بۆ بەرەودانو گەشەپێدانی ئابوریو ژێرخانی ژیانی شارسانی هاوڵاتیان، پەنا دەبەنە بەر کردنەوەی مزگەوتو بەڕێوەبردنی مەراسیمو بۆنەو موناسەبەو فیستیڤاڵو کەرنەڤاڵی ساختەو دوبارەو حیکایەتامێز.

## کۆمەڵگەی ئێکسپایەر

کۆمەڵگەی ئێکسپایەر کۆمەڵگەیەکە زۆر هەڵەپەڕێو کەم بیردەکاتەوە، کۆمەڵگەیەکی زۆرخۆرەو بەکاربەرو بەرخۆرە، بەڵام کۆمەڵگەیەکی خامۆشو بێ بەرهەمو ئیفلیجە، نە خاوەنی دنیابینی خۆیەتی، نەخاوەنی روانینێکی دیاریکراوە، بەرپرسو خاوەن پارەکانی ئەم کۆمەڵگەیە حەزیان لەماشێنی ئاخر مۆدێلو ژنی ئاخر مۆدێلو کۆشكو تەلاری فیرعەونییە، بەڵام رقیان لەژیاندۆستیو پەیوەندیی فەرهەنگیو شارستانییە، بێئەندازە شەیدای دروستکردنی مزگەوتو تەعزێخانەو میوانخانەو فۆنتەراتخانەو گەندەڵخانەو تەمەڵخانەی فەرهەنگیو سیاسیو رۆشنبیرین، بەڵام پێکرا بێئەندازە شەیدای بێدەنگیو خەمساردیو بێباکیو دوورەپەرێزیین، بەڵام بێئەندازەش شەیدای خواردنی بایەعیو یەك سەعات کارەباو کۆڵێراو ئەنفلۆنزای گیرفانو گرانەتای خەیاڵو رۆماتیزمەی سوتەمەنیو فەقەراتی کرێچێتیو سەرەتانی بێئیشی.

کام خواردنو خواردنەوەیە زۆر گرینگە بەلای تۆوە لەماوەی چوار ساڵدا ئێکسپایەر دەبێتو ئەوەی بیخوات ناوسکی دائەنێو ژەهراوی دەبێت، جاری وا هەیە بازاڕو دوکانەکان پڕدەبن لەخواردنو خواردنەوەی ئێکسپایەرو.. گرینگ نییە، لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە ژیانو گۆڕانکاریو نرخو بەها مرۆییەکان، گرینگیش نییە بەلایانەوە خواردنی ئێکسپایەر بخۆن یان نا، گرینگ نییە ئاوی زێراب تێکەڵی ئاوی خواردنەوە بێتو لایەکی کۆمەڵگە توشی کۆلێراو چەندین نەخۆشی ترسناك بێت، بۆ چارەسەرکردنو پیسبوونی ئاو هاوڵاتیان دەبەیەکی ئاوی بە حساب کانزایی دەگرن بەدەستیانەوەو لەگەڵ خۆیاندا دەیخەوێننو دەیانبەن بۆ هەموو شوێنێك.

کۆمەڵگەی ئێکسپایەر، کۆمەڵگەیەکی خاڵییە لەئۆپۆزسیۆنی فەرهەنگیو رۆشنبیریو سیاسیو ئابوری، بەئەندازەیەك خاڵییە لەململانێی راستەقینەی شارستانیو مەعریفی. خاڵییە لەگرینگیپێدانو بایەخپێدانی راستەقینە بە بەهاو دنیابینیو روانینی نوێ، بەڵام لێوانلێوە لەیەکرەنگی بیرکردنەوەو روانین، لەیەکدەنگی ئەخلاقیو ئاینیو کولتوریو سیاسیی ساختەو رەهاگەرو پەرگیرو پانکردنەوەی سەری یەکتری. پڕە لەتەکەتولی رقو سەرکردە پەرستیو کاڵبوونەوەی موراڵی شارستانیو مرۆییو زاڵبوونی کولتوری بەرەڵاخانەی ئابوریو سیاسیو پەیرەوکردنی یاساکانی جەنگەڵ.

## رۆشنبیری ئێکسپایەر

لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دەسەڵاتێکی داخراو و رۆشنبیرانێکی سونەتی بێشومار دەبنە بیرکەرەوەو داڕێژەری راڤەکردنی دنیا لەنیگا داخراوەکانی خۆیانەوەو دەبنە بەرهەمهێنەری دوبارەکردنەوەی وێنەکانی خۆیان لەکەرنەڤاڵو فیستیڤاڵو بۆنەو موناسەبەی ساختەو داگیرکردنی ئەو ئاستە ژیارییەو خاوەنداریێتیکردنی سەرلەبەری هەر روانینێك کە دەکەوێتە بازنەی کەرنەڤاڵەکانیانەوە. رۆشنبیری ئێکسپایەر بێئەندازە لەهەوڵی

جێگیرکردنی کەلاوە مەعریفییەکانی خۆیدایەو بەردەوام خولیایەکی گەورە بۆ داگیرکردنو مۆنۆپۆلکردنی هزرو دنیابینییە جیاوازەکان لەگەڵیدا دەژیو کاردەکات بۆ بەرپاکردنی خەیاڵدانێکی بچوك لەچوارچێوەیەکی هەژاری کەرنەڤاڵیدا کە بەتاڵە لەهەر دنیابینییەکی مۆدێرنو ئەکتیف، بەلام لێوانلێوە لەکورتبینیو وڕێنەی دووبارەو سواو و وێران لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، خاڵییە لەهەر فەلسەفەیەك کە هەڵگری گۆڕانو قبوڵکردنی جیاوازیو بایەخدان بە فەرهەنگو روانینێکی کراوەتر بێت.

رۆشنبیری ئێکسپایەر خاوەنی چەندین دەزگای ئێکسپایەرە..بەرهەمهێنانی دەزگاگەلێکی رۆشنحیزبیو میدیاحیزبیو ئابوریحیزبیو کۆمپانیاحیزبی بۆ بەرپاکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی جەهلو بێئاگاییو کەمتەرخەمیو مۆنۆپۆلکردنو بێبایەخکردنو نەخوێنەواری، کۆمەڵە هەوڵێکی کوشندەن بۆ بەرپاکردنی فەزایەکی گەورەی کۆنخوازیو شکۆدارکردنی جەهلو بەرهەمهێنانی ماشێنێکی گەورەی بێبایەخکردنو دابەزاندنی ئاستی فیکریو ئەکادیمیو مەعریفی ئەو ئاستە رۆشنبیریو فەرهەنگییەی کە ناوەندە رۆشنبیرییە جیدییەکانی دەرەوەی دەسەلات کە هەوڵی دەستەبژێرێکی جیاوازو رەخنەگرن بۆ خولقاندنی فەزایەکی بەرفراوانی ململانێی رۆشنبیریو مەعریفی، کە کۆمەڵە هەوڵێکی ئەکادیمیو مەعریفین بۆ سازکردنی کلێشەسازییەکی دیکەی تێگەیشتنو هەڵوەشاندنەوەو تێکشکاندنی ئەو خەیاڵگە کانزاییەی دەسەلاتە هەژمونگەرو ستەمکارو سەرکوتکارەن کە پێکهاتەی فەلسەفەیەکی کۆنزێرڤاتیفو سەلەفین بۆ ئەبستراکتکردنی جەهلو دامەزراندنی کۆنسێپتێکی گەورەی داگیرکردنو خامۆشکردنو سستکردنی گۆڕانو داهێنانو جیاوازیو نوێگەری.

## ستراکچەری کۆمڵگە

کۆمەڵگا بەگشتی پێکهاتەیەکی گەورەی سەرەتایی پێکەوەگرێدراوی سەرلەبەری کایەو پێکهاتەکانی دیکەی نێو بونیادێکی گەورەیە، سەرەنجام پێکهاتەیەکی مەزنی تۆڕی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەمەلایەنە، جەستەیەکی هەمەڕەنگی خانەو شانەکانە لەپانتاییەکی بەرفراوانی ژیاریدا، ئەو پانتاییە بەرفراوانەی سەرلەبەری خێزانو دامودەزگاو تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئاینیو کولتوریو ئابورییەکانی تیادا کۆدەبێتەوە؛ ئەو سەرزەمینە دیاریکراوەی تەواوی کایەو پێکهاتەو ئاراستە جیاوازو تەباو کولتورە باوەکانو کولتورە دژەکانی تیادا کۆدەبێتەوە، ئەو ناوەندە گشتگیرەی تەواوی تاکەکەسو گروپو ناوەندە کۆمەڵایەتیو کولتوریو ژیاریو ئاینییەکانی گرتۆتەخۆ و لەناوەندێکی بەرفراوانی ژیاری دیاریکراودا کۆی کردوونەتەوەو بە نێوی کۆمەڵگاوە ناودێرکراوە.

کەواتە کۆمەڵگا بڕی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیو کولتوریو ژیارییە نادیاریکراوەیە کە بووەتە شوناسێکی دیاریکراوی کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوەندە: بە واتایەکی دی کۆمەڵگا ناوەندێکی ڕێکخراوی نوێی مرۆڤایەتییە بۆ کۆبوونەوەو پەیوەندیو گەشەکردنو بەرهەمهێنانی هێزو ئاستە جیاجیاکانی دەسەلاتو کولتوری باو و توراسی ئایدۆلۆژیی. ئەوەمان لەبیرنەچێت کۆمەڵگایەك نییە لەدنیادا خاوەنی کولتور و شوناسی سەرەتاییو ڕواڵەتی ژیاریو ئاینی خۆی نەبێت؛ گروپێك نییە لەدنیادا زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگایەکی هاوبەش یان کولتورێکی هاوبەش کۆیان نەکاتەوە، هاوکات ئەمەش بەو مانایە نییە کە کەسێك نییە لەدنیادا لەدەرەوەی کۆمەڵگادا بژیو لە دەرەوەی ئەو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگا فەرامۆشییەکی گەورە لەئارادا بێتو بە کردەوە هیچ بوونو کاریگەرییەك لەئارادا نەبێت.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر جیاکردنەوەیەکی سەرەتایی و پێویست بۆ کۆمەڵگاو ئاین و کولتور؛ لە ڕاستیدا کۆمەڵگا ئەو پانتاییە بەرفراوانەیە کە سەرلەبەری پێکهاتەو کایەو کولتورو ئاستە ژیارییەکانی کۆمەڵ و گروپ و تاکەکەس و ئاین و ئاستی ڕوانین و ئایدیاکانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگای داگیرکردووەو تەواوی ئەم پێکهاتانەش لەتەواوی پەیوەندی و بزاڤی هەنووکەیی و مێژووییاندا دەبنە پێکهێنەری بەشە پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو بونیادی ئەو ئاستە ژیارییە مرۆییەش دەخولقێنن کە کۆمەڵگایە،

ڕەگەزە هەرە دیارەکانی کولتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك لەتەواوی جیاوازی کۆمەڵگاکانی دیکەدا، لە پێناسە گشتییەکەیدا بریتین لەتەواوی ئاگایی گشتی کۆمەڵگایەك، لە هۆشیاری گشتییەوە بەرەو دابونەریت و یاساو ڕێکخەری باو و بیروباوەڕی گشتی، هێما، فەنتازیاو نمایشی هەماهەنگی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەیەك، هەڵبەت ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە دیاریدەکات، بە تایبەتی لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، کاریگەری و پێکهاتەی ستراکتۆرە دیارەکانی پێکهاتەو سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکە لەکۆمەڵگەکان، هاوکات قسەکردن لەسەر سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی ڕوانین و سەیرکردنی کۆمەڵگەیەك بۆخۆی و دونیاو ژیان و گوزەران، ئاین، سیاسەت و گۆڕانکارییەکان، کۆمەڵە ڕەگەزێکن نامۆنین لەڕەگەزەکانی دیکەی کولتوردا، لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی ڕوانینەکانی خۆی ژیانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی دەبات بەڕێوەو ڕاڤەیان دەکات، بەڵام تەواوی ئەو جیاوازیانەی سەرلەبەری کۆمەڵگەی گرتۆتەوە لەپانتایی هێڵێکی گشتیدا یەکدەگرنەوە، ئەو هێڵەش بەدیوێکدا پێناسە جیاوازەکانی کولتورە، بەدیوێکی دیکەشدا واقعی کایەو فەزای ڕوانینی کۆمەڵایەتی کولتورە، کە تەواوی ڕەگەزو توخمەکانی کولتور و پەیوەندی و دامودەزگا کولتوری و نا کولتورییەکانی تێدا لەگۆڕانێکی بەردەوامدایە.

هەر لەسەرەتای ئەم باسەدا. دەروازەیەك لەسەر ناساندنی کولتورو پێکهاتەو ڕەگەزەکانی دەخەینە بەردەم تاوتوێ و ڕاڤەکردن، کەواتە ئەوەی لەڕێی فەرهەنگەوە کولتورمان پێدەناسێنێ، بەم شێوەیە دەڵێ: کولتور Culture تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لەدابونەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتیی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێك لەخەڵك. ڕەگەزەکانی کولتور، وەك دابونەریت و بیروباوەڕەکان، هەروەها بەهاو بیروڕا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێ دەبەخشێت. (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنو چیهر وسنی، لا 103.)

## کۆمەڵگەی زیندوو

کۆمەڵگەی زیندوو، واتا کۆمەڵگەیەکی قسەکەر، کۆمەڵگایەك کەقسەکردن و دیالۆك و ئاخاوتن و دواندن و بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە، هاوکات کاریگەری و وریاکەرەوەیەکی بەهێزن بۆجوڵاندنی کایەو پێکهاتە فەرهەنگی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان (گفتوگۆو دیالۆگ) ە پڕن لەگفتوگۆو یەکتر قبولکردن و قوڵبونەوە لەدیاردەکان و گۆرانکاری و پێکهات و ژیان و شارستانیەت و لەگەڵ (شەڕە جوێن و موجادەلەی ساختە) کە سیمای جیاکەرەوەی کۆمەڵگە مردوو و خاڵییەکانن، بێئەندازە گوزارشتن لەورتەورت و هەلوەسەو زۆربلێی و چەنەچەنی حیزبی و ناشارستانی.

## فەرهەنگی زیندوو

کولتور بەشێکی جیانەکراوەو کاریگەرە لەکۆمەڵگاو بزوێنەرێکی گەورەشە بۆ چالاککردنی سەرجەم کایەو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە. کولتور تەنها بریتی نیە لەکۆی ئەو خونەریت و ترادسیۆنە بەرجەستەیەی سنور بۆ

مرۆڤەکانو پەیپوەندیی‌و بیرکردنەوەیان دیاریدەخات، بەڵکە کولتور پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزترە لەو سادەگییە ئەنترۆپۆلۆژییەی کە فەرهەنگ‌و ترادسیۆن دابەشدەکات بۆ چەند بەشێکی جیانەکراوەو دانەبراو لەیەکتری کەواتە کولتور سەرباری ئەوەی کارخانەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانکاری‌و کەرەستەو شێوازو ڕوانین‌و دنیابینی، هاوکات پێکهاتەیەکی پەیوەندیامیزو هزرگەیەکە بۆ داڕشتنی سیستمێکی مورالّی بەهێزو کلّێشەسازییەکی دەستەیی بۆ روانین‌و دیابینی، واتە پێکڕا بیرکەرەوەیەکی ناوکۆیی مرۆڤەکانە.

کەواتە لێرەدا بەرلەوەی باس لەفەرهەنگی زیندوو بکەین، پێویستە ئەو دونیا داخراوەی پێکهاتەیەکی گرینگی وەك فەرهەنگی مردوو بخەینە بەرباس‌و راڤەکردن‌و شیکردنەوەی ئەو تەنئەندازە بەرجەستەیەی کە پێکهێنەری ستراکچەرێکی داخراو و سنوردارە. ئەو کۆمەڵگەو مرۆڤانەی کە خاوەنی فەرهەنگێکی مردوون سەرەتا لەئاستی مۆرفۆلۆژییەوە دەناسرێنەوە، واتە رووە دیارو ئاشکراکانی ئەم فەرهەنگە بریتین لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەی کە تەنها خاوەنی کۆمەڵێك حیکایەتی مردووی فۆکلۆرین, کۆمەڵێك کەرەستەو خشڵ‌و بابەتی رازاندنەوەی کەلەپورین، بەلاّم ئەم فەرهەنگە خاڵییە لەکەلەپورێکی بەرجەستەی زیندوو کە هەڵگری مانا‌و دەسەلاّتی مێژوویی‌و فەرهەنگی گەشەکردوی مێژووی بێت. هاوکات کولتوری مردوو لەئاستی پەیوەندیدا تەنها هەڵگرو بەرهەمهێنەرێکی بەردەوامی کۆمەڵێك خونەریت‌و هەڵسوکەوتی داخراوی هاوخوێنی‌و خزمایەتی‌و عەشایەرگەری‌و تایەفەگەری‌و خێڵپەرستی‌و کەسپەرستی‌و خێزانخوازییە. لەبەردەم ئەم ترادسیۆنە داخراوەی پەیوەندی‌و مۆڕاڵە بەرجەستەیەدا شتێکی نویّ بەدی ناکرێت، لەم ئاستەدا کولتور دەبێتە سانسۆرو چاودێرێکی گەورەی تاکەکەس‌و گروپ‌و دەستە جیاوازەکان. هاوکات دەبێتە هێزێکی ترادسیۆنی کە توانای داخستنی دەرگاکانی هەبێت بەسەر کولتورو موڕاڵە نوێکاندا.

## کولتوری مردوو

واتە کولتوری ئاپورەو حەشامات، واتە کولتوری یەکدەنگی ئەخلاقی‌و نائیرادەگەری شارستانی‌و پەیوەندی. یەکێك لەخەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئەم جۆرە لەکولتور بریتییە لەو ستاندارده ئەخلاقییە داخراوەی کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لەئاین‌و خوونەریت‌و روانین‌و دنیابینی سەلەفی‌و کۆنخوازی‌و شەهامەتخوازی. بۆ نمونە دیاردەی ژن کوشتن لەسەر شەرەف‌و مافەکانی، حەرام کردنی پەیوەندی رەگەزی میّ لەسەرتاکانی ژیانییەوە تادەگاتە پیری لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریدا، وەك حەرامکردنی پەیوەندی خۆشەویستی‌و عیشق‌و سێکس‌و پێکەوەبوون‌و حەرامکردنی سەفەر کردنی ئافرەت بەتەنیا.

بەواتایەك ئەوانەی ئافرەتێك دەکوژن تەنها بریتینین لەکۆمەڵێك بکوژ کە پێکهاتووە لە کەسە نزیکەکانی کوژراوەکە، وەك باوك‌و براو مام‌و یان مێرد، بەڵکە ئەوە کولتورێکی کوشندەیە کە بووەتە پاڵنەرو هێزێکی ئیلاهی لەرادەبەدەر بۆ سڕینەوەی ژیانی ئەو کەسانەی لەبازنەی داخراوی کولتور لادەدەن. هاوکات کوشتنی مرۆڤ لەڕێی ئاپورەیەکی کوشندەوە بەلگەیەتی گەورەیە کوشتنی شتە زیندووەکانە بەعەقلییەتیەکی بەکۆمەڵ‌و ترادسیۆنێکی شەهامەتپارێزیەوە. کولتوری مردوو خاوەنی عەقڵیەتێکی داخراوی ترادسیۆنیە لەروانین‌و دنیابینی، عەقلیەتێکی خێڵگەرایی‌و خێزانگەرایی‌و حەشاماتگەراییەکان، واتە عەقڵیەتێکی کۆنائیرادەیی کە خەسێنەری تاکەکەس‌و روانین‌و هەڵسوکەوتو بیرکردنەوە جیاوازەکانە، واتە عەقڵیەتێك نیە بۆ سازکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی تێگەیشتن‌و بەزیندوهێشتنەوەی جیاوازی‌و هەمەڕەنگییەکان، هاوکات رێگرێکی گەورەشە لەبەردەم کرانەوەو هەمەرەنگییەکان‌و زیندوگەراییدا.

واتە عەقڵیەتێکە بۆ سڕینەوەی تاکەکەس و تۆخکردنەوەی عەقڵی بەکۆمەڵ و ئیرادەی بەکۆمەڵ و زەوتکردنی مافەکانی تاکەکەس و پێدانی مافی بەکۆمەڵ و ئیرادەیەکی گشتگیری رەها، واتە خاپورکردنی زەوق و چەشەی رۆشنبیری و فەرهەنگی نویێ لەمرۆڤەکان و پێدانی سەرزەمینێکی داخراو لەزەوقی جەماعی و تاموچێژی ژیانی مێگەلی. بەلام کولتوری زیندوو، واتە کۆلتوری تاکەکەسەکان، کولتوری ئەو مرۆڤانەی بەرەنگ و تەرز و جیاوازی و زەوق و تێڕوانینی تاکەکەسیانەی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ کولتوری کۆن و نوێدا دەکەن، واتە پێدانی بارستاییەکی گەورە لەهەڵبژاردن و ئازادی ژیان و بیرکردنەوە و روانینی تاکەکەسیانە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی کولتووری زیندوون، واتە کولتووری مرۆڤەکان. ئم کولتورە تەواو پێچەوانەی کولتووری مردووە، کە کولتوری کەرەستە و دابونەریت و ترادسیۆنە. لەکولتورێکی زیندوودا مرۆڤەکان ئازادان لەدەستکاریکردنی ترادسیۆن و دابونەریتی تاکەکەسییانەی خۆیان، وەك چۆن ئازادن لەداواکردنی مافەمەدەنی و کولتوری و شارستانییەکانی خۆیان، ئاوەهاش ئازادن لەدیاریکردنی ترادسیۆنی تاکەکەسیانەی خۆیان.

کولتوری زیندوو، ئەو کولتورەیە کە سانسۆرەکانی کە مدەکاتەوە و ئازادییەکانی زیاد دەکات، دەرگاکانی دەکاتەوە و جیاوازییەکانی دەبینێت و ڕێزیان لێدەگرێت و نابێتە ڕێگرێك لەبەردەم دونیای نوێ و نوێگەریدا، دەبێتە ڕێکخۆشکەر و ئاسانکارێك بۆ بەردەوام نوێکردنەوەی خۆی و ئازادی تاکەکەسەکان و گروپەجیاوازەکان. کۆمەڵگای زیندوو سەرباری ئەوەی خاڵییە لەحیکایەتی مردوو و سەرگوزشتەی بەسەرچوو، هاوکات لێوانلێویشە لەحیکایەتی تازە و دیاردە و گۆڕانکاری نوێ.

## کۆمەڵگای بەکاربەر(کۆمەڵگای مردوو)

لەم نوسینەدا کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی ئابوری و کومەڵناسی و کولتورناسی و شارستانیناسی بەردیدەی ئێوەی خوێنەر دەکەوێت، بەلام سەرلەبەر ئەو چەمکانە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان هەیە بەتەواوی باسەکەوە. سەرەتا بە کۆمەڵێك پرسیاری گەوهەری دەستپێدەکەین...کۆمەڵگای بەکاربەر یان بەرخۆر چ جۆرە کۆمەڵگایەکە و چۆن لەکۆمەڵگاکانی دیکەی جیادەکەنەوە، ئایا چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان کۆمەڵگای پاشکەوتوو و کۆمەڵگای بەکاربەردا، ئایا کۆمەڵگای بەکاربەر کۆمەڵگایەکی مردووە یان کۆمەڵگایەکی زیندووە. بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە، سەرەتا پێویستە کۆمەڵگای بەکاربەر بناسین و ئەو کلێشەسازییە وێناکراوە شیبکەینەوە کە بوونەتە کۆڵەکە گرینگەکانی ئەمجۆرە لە کۆمەڵگا. هاوکات زۆر گرنگە ئەم مۆدێلە لەکۆمەڵگە لەو فەزا ناکۆك و ئاڵۆزە دەربکەین کە پێکهاتەی مەودایەکی بەرفراوانی چەواشەکاری و سەرلێشێواوییە کە خولقێنەری دەستی ئەو میدیا و ریکلامە کوشندانەن کە هاوردەیەکی ناچارن بۆ دروستکردنی چێژ و زەوق و چەشەی بینین و وێناکردن و سوودوەرگرتن. کەواتە کۆمەڵگەی بەکاربەر چەند کۆمەڵگەیەکی خۆراکی و بەرخۆرە، هێندەش کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆیە، بۆ نمونە دیکتاتۆرەکان لەرێی کۆمەڵێك میکانیزمی جۆراوجۆرەوە کۆمەڵگە دەستەمۆدەکەن، یەکێك لەو میکانیزمانە بریتیە لەدەستەمۆکردنی جەماوەر لەرێی کۆنترۆڵکردنی کۆبونی خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاولاتیانەوە، کاتێك دەولەت و دەسەلات دەبن بەخاوەنی هەمووشتێك، ئەوکاتە ئیدی هاولاتیان توانای بڕیار و هەڵبژاردنیان نامێنێت کە پەیوەندییەکی زۆر گەوهەری و بنەرەتیان هەیە بە ژیان و گوزەرانی خۆیانەوە، دیکتاتۆرەکان کاتێك نیشتیمان دەکەن بەگرتوخانەیەکی ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و شارستانی، توانای ئەوەشیان هەیە کۆمەڵگە بکەن بە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر.

لەهەموو سەردەمەکاندا دەستەوتاقمی بەکاربەرو بەرخۆر هەبوون، بەشکڵو شێوەی جیاجیا دەرکەوتوون. بەڵام کۆمەڵێکی مردوو بوون لەدەرەوەی مێژوو، هەمیشە کۆمەڵگەی بەکاربەر کۆمەڵگەی ژێردەستەو چەوساوە بوونو هەمیشە ئەو کۆمەڵگایانەی کە تواناو هێزی بەرهەمهێنانو خولقاندنو داهێنانی تەکنەلۆژیو ئابوریو ژیاریو فەرهەنگیان نەبووە بوونەتە کۆمەڵگایەکی وێران لەروی ئابوورییەوە، رەزیل لەرووی سیاسییەوە، موحتاج لەرووی فەرهەنگییەوە، بەتاڵ لەرووی مێژووییەوە.

لێرەدا ناکرێت بگەرێینەوە بۆ قوڵایی مێژوویەکی پڕە لەنمونەو بەسەرهاتی لەمجۆرە، لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئیمپراتۆرەکانەوە تاساتەوەختی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی کلاسیكو تا کۆلۆنیالیزمی نوێو سەردەمی نوێ لەگلۆبالیزەیشنی پەیوەندییە کولتوریو شارستانییەکان دەروازەگەلێك دەخەینە سەرپشت بۆ خوێندنەوەیەکی ئارکۆلۆژیو ژینالۆژی ئەو مێژووەی کە تائەورۆکە درێژبۆتەوە بۆ نێو پانتایەکی گەورەی ژیاری، کە لەرێیەوە زیاترو زیاتر ئەو فەرهەنگە دەناسین کە بووەتە بەرهەمێینەرو خوڵقێنەری کۆمەڵگەی بەکاربەر. بەڵام ئەم نووسینە دەروازەیەکی گفتوگۆئامێزە لەبارەی کۆمەڵگای بەکاربەر لەسەردەمی جیهانگیریو سەردەمی کۆمەڵگە بەرهەمهێنەرە گەورەو بچوکەکانو کۆمەڵگە بەکاربەرەکاندا.

کۆمەڵگای بەکاربەر سەرباری ئەوەی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەرو خوڵقێنەر نییە، ئەورۆکە دونیای مۆدێرن تەنها دنیای تەکنەلۆژیاو چێژو ئارەزووە تازەکان نییەو دنیای کلێشەو ئەندازەسازیی بیناسازیو مۆدێرن نییە، بەڵکە دنیای بەرهەمهێنانی کارخانە گەورەکانی جلو بەرگو مۆدەو پێداویستییە هەرە سەرەسەرەتاییەکانیشە کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت، دنیای کارخانە گەورەکانی ماشێنو ئۆتومبێلو سەرلەبەری هۆکانی هاتووچۆو گواستنەوەیە لەفرۆکەوە بۆ پاپۆرو لەشەمەندەفەرەوە بۆ میترۆکان. هاوکات دنیای بەرهەمهێنانی سەرلەبەری کەرەستەو تەقەمەنیو چەكو تفاقی سەربازییە، لەدەرزییەکەوە بۆ تانكو زرێپۆش، لە فرۆکەیەکی جەنگییەوە بۆ هەزارن چەکی سوكو قورسو موشەکی دورهاویژ....تاد.

هاوکات کۆمەڵگەی بەکاربەریش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە هێزو توانای بەرهەمهێنانی لەژێر سفردایە، بیرکردنەوەو عەقڵی ئابوری ئەم مۆدێلە لەکۆمەڵگە ئێکسپایەر بووەو بۆ دنیای ئەمرۆ بێجگە لە کەلاکێکی ستۆك زیاتر هیچی دیکە نییە، رەنگە کۆمەڵگەی بەکاربەر خاوەنی زانکۆو چەندین قوتابخانەو پەیمانگەی جۆراو جۆری زانستیو تەکنیکی بێت، بەڵام توانای دروستکردنی یەك دەرزی دووروومانیان نییە، توانای دروستکردنی یەك قەڵەم رەساسو یەك تیانوسی سادەیان نیە، کۆمەڵگە هەیە هێندە مردووە لەکاتێکدا خاوەنی چەندین زانکۆو قوتابخانەو خوێندنگەیەو خاوەنی مامۆستاو پرۆفیسۆرو دکتۆری ئابوریو سیاسییە، بەڵام خاوەنی تاکەیەك کارخانە نییە بۆ دروستکردنو بەرهەمهێنانی کاغەز یان پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی جلو بەرگی ژێرەوەی پیاوانو ژنان، لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵگەیەکت هەبێت ژمارەی دانیشتوانەکەی پێنج ملیۆن بێت، ئەگەر مانگانە یەکی یەك فالینەی عەلاگە(یان ژێرکراس) بکڕنو لەبەری بەکەن، ئەگەر نرخەکەی بە یەك دۆلاریش بێت ئەوا مانگی پێنج ملیۆن دۆلار لەبوودجەی هاوڵاتیانی نیشتیمانێك دەچێتە خەزێنەی وڵاتێکی دیکەوە. ئەم نمونەیە زۆر سادەیە، بەڵام ئەگەر بیخەینە بواری پراکتیکیەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی بەکاربەر چ کۆمەڵگایەکی وێرانە لەرووی ئابوریەوە، چ کەلاوەیەکە بۆ ساغکردنەوەی سەرلەبەری کاڵاو پێداویستیە هەرە سەرەتاییو رۆژانەییەکانی مرۆڤ.

بۆنمونە لەكۆمەڵگەی بەكاربەردا تاكەیەك مرۆڤ كە بەدیار تەلەفزیۆنو سەتەلاتێكی بیانییەوە دانیشتووە، چاكەتو بیجامەو شۆرتو تریشێرتێكی توركی یان ئێرانی لەبەردایەو لەسەر فەرشێكی میسری دانیشتووەو قاپێ میوەشی لەلای خۆیەوە داناوە كە سێوی قوبروسیو پرتەقاڵی سوریو هەرمێی لوبنانیو خەیاری ئێرانی تیادایە پاكیان دەكاتو بەدەمودانێكی خۆماڵی دەیانخوات، بەڵام دوودانی كلۆرەو بەپلاتینی ئەوروپی پركراونەتەوەو ساردكەرەوەكەشی كۆرییەو چای سیلان دەخواتو لەسەر كورسییەكی چینی دانیشتووە، لەڕاستیدا ئائەمە پێی ناوترێت دەرەنجامو دوابەرهەمی گۆلۆبالییزەیشین یان جیهانگیریی ئابوری، بەڵكە ئەمە پێی دەوترێت نەگبەتیو قوربەسەری ئابوریو وێرانەییەكانی كۆمەڵگەیەكی بەكاربەرو مردوو.

لەكاتێكدا ئەگەر ئەم مرۆڤە ئەو پێداویستانەی باسمان لیوە كردن لەولاتانی دراوسێوو ولاتە دوورەكانەوە نەگاتە بەردەستی، ئەوا لەبەرئەوەی زادەی كۆمەڵگایەكە كەخاوەنی هیچ بەرهەمو پێداویستییەك نیەو لەبری ساردكەرەوە باوەشین بەكاربهێنێتو لەبری خواردنی میوە تەنها گوڵەبەرۆژە بخواتو لەبری ئەوەی لەسەر كورسی دابنیشێت دەبێت لەسەر بەرەی كوردی دابنیشێتو لەبەری ئەوەی سەیری TVو سەتەلایت بكات دەبێت بخەوێت. بەرێزان ئائەمەیە كۆمەلگای بەكاربەر.

لەراستیدا ئەوە گەمژەكانن پێیانوایە ئەم مەزهەلە ئابوریو ئەم رەزالەتە ژیارییە واتە بازاری ئازاد، هەندێك لەو ئابوریناسە بەناو ئەكادیمیستانەی كە فریان بەدنیای مۆدێرنو بازاری ئازادو جیاكردنەوەی كومەلگەی بەرهەمهێنەرو كۆمەلگەی بەكاربەرەوە نییە خۆیان دەكەن بە شیكەرەوەو راڤەكاری بارودۆخێك كە هیچی لەبارەوە نازانن. هاوكات زۆربەی كۆمەلگا بەكاربەرەكان خاوەنی دەسەلاتگەلێكی نامۆدێرنو ناشارستانیو دواكەوتوونو تاسەرئێسك جاهیلن بەپێشكەوتنی شارستانیو ئابوریو فەرهەنگیو سیاسیو ئۆپۆرتۆنیستو گەندەڵو ستەمكارو ناعادیلن، تەنها بریتین لەكۆمەلێك نەخوێنەواری بێسەلیقەو بێئەزموونومافیاو خلافاو بە ریكلامەو میدیای ئێكسپایەرو عەقلی ستۆكەوە.....